# بێزاری خەڵک لە دەسەڵات،زەمینە بۆ تیرۆر خۆش دەکات

دەمێک بو لەناو شاری سلێمانی  ئاسایش بەرقەرار بو. چەندین هەوڵی تیرۆرستی پێش وەخت پوچەل دەکرایەوە،تیرۆرستان بە تەواوی توشی شکست ببون.جموجۆڵی تیرۆرستان بە جۆرێ کۆنترۆڵ کرابو،بوبوە مایەی سەرنج و ستایش.

بەداخەوە 25-10-دیسان تیرۆرستان ئارامی شاریان شڵەقان و پەپو ئاسا بانگی شەرو وێرانکاریان دا.کراسی سپی بوکێنیان بە کچان ڕەش کردو جەرگی دایکی کوردیان سوتان و منالاّنی چاوەڕێی جەژنانە بەرەو سەرقەبران بۆناو شینوشەپۆڕ دەنێرن.

گومانی تیانیەتیرۆرستان توشی گرێیەکی دەرونی ببون بەرامبەر هەمو هەوڵە شکستخواردۆکانیان لە سلێمانی و هەمێشە لە هەوڵی ئەوەدا بون ئەو گرێیە بڕەوێننەوەو ئەو ئامانجەشیان پێکا.

یەکێک لە هۆ هەرە گرنگەکانی سەرکەوتویی دەزگای ئاسایش لە سلێمانی هاوکاری خەڵک بو،24 دەمژمێر دوای تەقە کردن لە دکتۆر بەرهەم ئەو تیرۆرستە گیرا کە رای کردبو ،ئەوەش باشترین نمونەی هاوکاری خەڵکە.

چەند جار سەرکەوت حەسەن بەڕێوەبەری ئاسایشی سلێمانی لە چاوپێکەوتنەکانی دوای روداوەکان ئامازەی بەوە داوە کە هەواڵەکەیان لە هاولاّتیەکەوە پێگەشتوە.

بەلاّم ئەم جارە پلانەکە تێپەری و هەواڵەکە نەگەشتە ئاسایش.....

من دەمەوێت بڵێم یەکێک لە هۆکانی پێنەزانینی پێش وەختی ئەمجارە،لە خەمساردی خەڵکەوەیەو ئەو خەمساردیەش لە بێزاری خەڵکەوەیە لە دەسەلاّت و حیزب و حوکمەت.

ئەو حکومەتە خۆماڵیە سیانزە ساڵە نەی توانیوە ئاوو کارەباو نەوت  دابین بکات.بەلاّم بە ئاشکراو بەبەرچاوی خەڵکەوە بە بلۆک دۆلار

ئەدزن.ئەو زەویانەی لە نەخشەی شارەوانیەکانی بەعسدا بۆ پارک دانرابون و نەکرابون ،لەسەردەمی حکومەتی خۆماڵیداهەموی دابەشکرا بەسەر مەسولینی حیزبی وحکومی.

گردو شاخ نەماوە لە کوردستان نەکرابێت بە ناوی مەسولێک یان خزمی مەسولێکەوە.

راپەڕینی خەڵک لە کەلارو ئاکرێ ،،پڕ بونی جامە و لێی دەڕژێ،،نەهاتنی خەڵک بەدەم هاتو هاوری حیزبەکانەوە بۆ دەنگ دان لەسەر

دەستور،جگە لەوەی بێبروایی خەڵکە بە ناوەڕۆکی دەستورەکە،بەشێکی تری بێزاری خەڵکە لە کردەوە قێزەونەکانیان.

سەری زمانیان و بنی زمانیان قسەکردنە لە دیموکراتی ،کەچی وەزیرێک دەرئەکەن لەسەر ئەوەی وەک ئەوان مل شۆڕ نەبوەو وەفادار

بوە بە نەتەوەکەی و هەمان کات هەڕەشە لە هەمو سەربڵندەکانیتر دەکەن.

خەڵک راستێکان باش دەبینێت هەر بۆیە فەتاح زاخۆیی وەک مامە ڕیشەی ئەمڕۆ دەبینێ و ئەوی بڕیاری دەرکردنی دەردەکات تەحسین شاوەیس.

حکومەتی خۆماڵی کارێکی کردوە خەڵک گیانی لێپرسراوی تیا مردوە،ئەتوانم بڵێم خەڵک حەز بە مردنی خۆی و زەرەری یەکێتی وپارتی دەکات.

ئێستاش کە هەستتان بە ناشیرین بونتان کردوە ،هەوڵ ئەدەن درۆ بۆ خەڵک بکەن چونکە دەزانن خەڵک بە دەنگ دەهۆڵ و زوڕناکانتانەوە نایەت 15-12 بۆ هەڵبژاردن. باشترین کارتی دەستیشتان رەنگە راگەیاندنی شکڵی یەکخستنەوەی ئیدارەکانتان بێت بە دو هەفتە پێش

وادەی هەڵبژاردن و دواییش دیسان بە کردەوە جێبەجێی ناکەن،یان هەوڵ ئەدەن بە هەڕەشی نان بڕین خەڵک ڕاکێشن بۆ هەڵبژاردن،چونکە ئەوەتان بیر چوە کاتی خۆی کە لە شاخ بون ئێزگەکانتان هاواری دەکرد ،،هەمو شت لە باریکیدا دە پسێت بەڵام زوڵم و زۆر لە ئەستوریدا

بەلاتانەوە سەیر نەبێت ئەگەر خەڵک لە داخی ئێوە دەنگ بدات بە یەکگرتوی ئیسلامی.

هاوڕێ نوری

27-10-2005 .